

# جێگای شانازیە كە زاوای شاعیری گەورە شێركۆ بێكەسم

## پەیوەند جاف

دیمانە:

لەگەڕانەوەیدا بۆ كوردستان بەهەڵمانزانی چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ سازبدەین‌و لەسەر ئەزموونی گۆرانی‌و ئەو ستایلەی هەڵبژاردووە بیدوێنین كە جەماوەرێكی زۆر شەیدای بۆ دەنگەكەی خۆی پەیداكردووە، سەرەڕای كەمی كاتەكەی‌و مانەوەی لە كوردستان، بەڵام بەگەرمی باوەشی بۆ ئێمە كردەوە و داوەتی كردین بۆ ئەوەی لەرێگەی گۆڤارەكەمانەوە دڵی شەیدایانی بەو وەڵامانەی كە لەهەگبەی ئێمەدابوون تێربكات.

*** ئەزموونی كارەكانت بۆ كەی دەگەڕێتەوە؟**

- لە ١٩٨٦ بۆیەكەم جار چوومە سەر شانۆ، لە ١٩٨٩ لەگەڵ تیپی مۆسیقای دەشتی، دوو كاسێتمان ئامادەكرد، نزیكەی پێنج گۆرانیی منی تێدابوو، لە ١٩٩١ یەكەم گۆرانیم بەناوی (ئاخۆ كەی دێت) لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان كلیپ كرد. یەكەم گۆرانیم كە بۆ تەلەفزیۆن تۆماركرد ئەو گۆرانییە بوو، پاشان لە ١٩٩٣ چوومە هەندەران، لە ئەڵمانیا جێگیر بووم، سەرەتا سەرقاڵی دروستكردنی ژیانێكی تازە بووم، لەوێ هەموو شتێ بۆ من نامۆ بوو، ساڵی ١٩٩٧ بۆیەكەم جار لە شاشەی تەلەفزیۆنی مێدیا تێڤی دەركەوتم، چەند بەرنامەیەكی راستەوخۆم بۆ ئەو تەلەفزیۆنە ئامادەكرد، توانیم لەرێگای ئەو تەلەفزیۆنەوە بچمە ناو دڵی خەڵكەوە، پاشان لە ٢٠٠٠ سیدییەكم ئامادەكرد، بەناوی(باران)ەوە. پاش ئەو سیدییە خێزانم پێكهێنا. ئێستاش سەرقاڵی سیدییەكی تازەم، لەم نزیكانە تەواو ئەبێ، ئێستا هاتوومەتەوە بۆ كلیپكردنی دوو لەو گۆرانیانە. بڕیار وایە لەرێگای هونەرمەندی خۆشەویست (هەڵكەوت زاهیر) سیدیەكی ترم بۆ بكرێت، ئەو ئەركی سیدییەكە دەخاتە سەر شانی خۆی، هەر كاتێك ئامادەبوو دێم لە ستۆدیۆ تۆماری دەكەم.



*** وەك زانراوە ئەزموونی گۆرانیی کوردی بە سەید ئەسغەرو زیرەك‌و ماملـــێ‌و خالقی‌و جەزراوی‌و جەزیری‌و مریەم خان‌و تایەر تۆفیق‌و شەماڵ سائیب ... دەســـت پێدەکات، جەنابت وەکو گۆرانیبێژێك لە رووی ستایلەوە کامیانت هەڵبژاردووە؟**

- دەتوانم بڵێم خۆم نزیك دەبینم لە مامۆســـتا مەزهەری خاڵقی‌و سەیدی عەلی ئەسغەری کوردستانی، لەو هەوایە گۆرانی ئەڵێم.

*** لەرینەوەیەکی سیحری لە دەنگی مەزهەری خالقیدا هەیە، زۆربەی مۆســـیقیەکان وا ئەڵێن، لەکوێ ئەدای خۆت بەنزیك ئەبینی لە هی ئەو، لەچ گۆرانییکەوە بەدیاریکراوی؟**

- بەراستی ئەتوانم بڵێم هەر لەمنداڵییەوە خولیای گۆرانیبێژەکانی رۆژهـــەڵات بووم، ئەوانەی گوێم لێگرتوون، وەك (قادری ســـەیاحی‌و ئیســـماعیل ســـابووری) ئیتر بڵێین ئەم هەوایانـــە نزیکن لەیەکترەوە بەحوکمـــی ئـــەوەی منیـــش دەنگـــم چۆتـــە ســـەر ئـــەوان. بـــەڵام تایبەتمەندییەکـــی خۆمـــی تیایە کە جیـــا ئەکرێتـــەوە لە هی ئەو گۆرانیبێژانە.

*** ئەو تێکســـتانەی کاری لەســـەر دەکەن. زیاتر پێت باشـــە تێکستە فولکلۆرییەکان هەڵبژێری یان ئەو تێکســـتانەی زیاتر ئەچنەوە سەر شیعری کلاســـیکی کوردی یان ئەو شیعرانەی تایبەت ئەنووسرێن بۆ گۆرانی؟**

- بێگومان بۆ ئەو گۆرانیانەی فولکلۆر بن، وا پێویستت ئەکا شیعری کلاســـیکی یان شیعری فولکلۆریان بۆ هەڵبژێری. بەڵام ئەگەر بێی گۆرانییەکی تازە دروســـت بکەی. پێویست بە تێکســـتی تازە ئەبێ، کە پڕ بەپێستی ئەو گۆرانییە بێ، ئێمە بەداخەوە خەڵکانێکمان نەبوون شـــیعر بۆ گۆرانی بنووسن، تازە بەتازە خەریکە چەند دانەیەك پەیدا ئەبێ. دەبێ گۆرانی تێکستی تایبەتی هەبێ، وەکو هەموو هونەری دونیا بـــۆ نموونە دەبینی لە عەرەبیا کەســـێك هەیە تەنیا (کەلیمات) دەنووسێ، لە فارسی‌و تورکی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنســـیش بەهەمان شێوە، ئێمە لەبەرنەبوونی ئەو تێکســـتانە پەنامـــان بردۆتە بەر شیعری کلاسیکی یا شیعری فولکلۆری.

*** مەبەستت لە گۆرانی تازە، تێکستەکان تازەن، ئەکرێ مەزهەری خالقی وەك نمونەیەك باس بکەین، قســـەی لەســـەر بکەین، ئەکرێ بڵێین گۆرانییەکە لەو سەردەمایا تەعامولی لەگەڵ ناکرێ یان گۆرانیەکی تازە نیە، یان هەمیشە بە زیندووی نامێنێتەوە؟**

- شیعر تا شیعر جیاوازە. شیعری وەفایی‌و گۆران بۆ گۆرانی زۆر گونجاون، شـــیعری نالی‌و مەحوی قورسن‌و هەندێ وشـــەی عەرەبی تێدایە ئەو وشانە بەئاسانی هـــەزم ناکرێن، بەراســـتی ئەبـــێ تێکســـتێك دابنێین بەئاسانی بچێتە سەر زمانی هەموو کەسێك.

***ئەگەر بە کورتی باســـی پرۆســـەی بەهاوسەرگیربوونی خۆتمـــان بۆ بکەیـــت‌و لەهەمان کاتیشـــدا بۆچی کچی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)ت. هەڵبژارد؟**

- بەنیســـبەت کچی مامۆستا شـــێرکۆ لەناکاو بووین بەهاوســـەری یەکتری، زۆر بە رێکەوت ئـــەوە روویدا، بەڵام خۆشـــبەختم کە لەگەڵ خێزانێکی وەك شـــاعێری مەزنی گەلەکەمان مامۆســـتا شـــێرکۆ بێکەس تێکەڵ بوومە، بۆ من جێگای شانازییە کە زاوای ئەوانم.

***کام گۆرانی خۆتت فەرامۆش کردووە، یان حەزناکەیت بچیتەوە سەری، یان کام گۆرانیت بەردەوام حەز ئەکەی لەبەرخۆتەوە بیڵێیتەوە؟**

-هەموو ئـــەو گۆرانیانـــەی وتوومن لە لام خۆشەویســـتن، چونکە گۆرانییێك حـــەزی لێنەکەم، نایڵێم. ئەگـــەر گۆرانییەك نەمجوڵێنێ نایڵێـــم، ئەگـــەر کۆنیش وتبێتـــم گرنگ نییە لە هیچیان پەشـــیمان نیم.

***مۆسیقا وەك سیحرێك لەگەڵ زۆرێك لە هونەرەکان پەیوەندی هەیە، لەگەڵ ئەدەب‌و ژانرەکانی تر ئەچێتەوە ســـەر یەکتری، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر دۆســـتایەتی هەیە لەگەڵ گۆرانیدا مۆسیقایە، تۆ تا چەند شارەزاییت هەیە لە بواری مۆسیقادا؟**

- من لە راستیا مۆســـیقام نەخوێندووە ئەتوانم بڵێم بەشێوەیەکی ســـەماعی فێربووم، بگرە لـــە وتنی گۆرانیش مامۆســـتایەکم نەبووە فـــێری گۆرانیم بکات‌و خـــۆم بەگوێگرتن فێربوومە، بـــەڵام گوێم لە گۆرانی بێژەکان گرتووە .

***لە هیچ ئامێرێك دەزانی؟**

-نەخێر

***ئەتوانـــین بڵێـــین تاراوگـــە رۆحێکـــی گـــەورەی بەهونەرەکەت**



**بەخشیوە؟ یان ئەو چرکانەی بۆ غوربەت و ئاوەرایی و دووری لە نیشتمان چەکەرەیان کردووە لە ڕۆحی تۆدا هونەرەکەیان زیاتر پەرەپێداوە؟**

-بێگومان ئەگەر ئینسان لە وڵاتی خۆی نەبێ زیاتر لە شتێك دەتجولێنێ، ئەتوانی زیاتر بە ئێحساسەوە گۆرانی بڵێیت.

*** وەك ئەزموونێك تا چەند گەڕاتیەوە سەر لاساییکردنەوەی سروشت، تا چەند توانیووتە وەکو زۆرێك لە شاعیرەکان (وەك گۆران کە زۆر لاسایی سروشتی کردۆتەوە) تۆ تاچەند ئەمەت کردووە؟**

- تا ئێستا مەسەلەی سروشتم بە گۆرانی تێکەڵ نەکردووە، بەڵام لەلای من سروشت یەکێکە لە شتە جوانەکانی دونیا ، لە گۆرانیا بەکارم نەهێناوە زیاتر شتەکانم باسیان لە خۆشەویستی کردووە.

***مەبەستم ئەوەیە کە پێت خۆشە لەگەڵ گۆرانیەکانت جوڵە و سەما بکەیت، یاخود بە غەمباریەوە گۆرانی بڵێیت؟**

-پێمخۆشە گۆرانی بمجولێنێت، حەز ئەکەم ئەو جوڵانە هەبێت، چونکە ئێمە لەوسەردەمەیا تێپەڕییون کە وەکو دار بوەستین و نەجوولێین، چونکە ئەمانە هەمووی تەواوکەری یەکترین، ئەگەر تۆ وەك ئەکتەرێك ڕۆڵێك لە کلیپدا دەبینی دەبێ بچیتە ناو ڕۆحی گۆرانییەکەوە ئەوەش هەر لە خۆیا هونەرە.

***پێت خۆشە لە کلیپەکانادا خۆت یان کەسانی دیکە ڕۆڵ ببینن؟**

- من حەز ئەکەم خەڵکی دیکە دەورببینن.

***ئەمەت ئەزموون کردووە؟**

- لەو سیدییە تازەیە لە کلیپەکانمدا هەیە.

***پێم خۆشە دەست نیشانی هەندێ گۆرانیبێژمان بۆ بکەیت کە بۆ خۆت وەك گوێگرێك حەز بەدەنگیان ئەکەی بەتایبەتی لاوەکان.**

-لە لاوەکاندا زیاد ئەسعەد، ئەژدەر وەهبی، ئەیاد حوسێن، ڕۆژ کەریم، لەوانە هەندێ گۆرانبێژی تر هەبێ لەئەوانەی کوردستانیش هەردی سەلاح دەنگی باشە، لە کچەکانیشا کانی و چۆپی، بەڵام زۆربەداخەوە گۆرانیبێژی کچ زۆر کەمە. بەگشتی گوێ لە گۆرانییەك ڕادەگرم کە ئێحساسی تێدابێ. بەلای منەوە ئێحساس لەهەموو شتێك گرنگترە.

*** ئەگەر جیاوازییەك لە نێوان سلێمانی و ستۆکهۆڵم لە ڕووی سروشت و ژینگەکەیەوە بکەیت؟**

- بەڕاستی ناتوانم جیاوازییەکە دەست نیشان بکەم. ئەوەندە زۆرە نازانم باسی چیبکەم، لەو وڵاتانەی ئەوێ ئینسان لەگەڵ ناخ خۆیدا ڕاستگۆیە، لێرە ئەو ڕاستگۆییە زۆر بەکەمی ئەبینم. مەسەلەی بەڵێندان هیچی تاسەر ڕاست نیە، ئەو شتانە دەبینم، لێرە بەو ماوەیەی دێمەوە تەماشا ئەکەم مەسەلەی مادده بۆتە یەکێ لە مەسەلە هەرە گرنگەکان لەژیانی خەڵکا ، لێرە مەسەلەی دۆستایەتی و ئەمانە هەمووی فەرامۆش کراوە، ئەگەر ماشبێت نوخبەیەکی زۆر کەم ماوە.

***سەرەتا باسی کاری ئەزموونی خۆتت کرد لە بواری ڕاگەیاندن وەك میدیا تیڤی پاش ماوەیەك دیارنەمای، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

- ناتوانم بۆ کەناڵێك بچم ئەگەر کارێکی نوێی هونەریم پێنەبێ، ئێستاش ئەو ئیشە تازەم تەواو ببێ، بەبێ جیوازی بۆ هەموو کەناڵەکان ئەچم.

***تۆ زاوای مامۆستا شێرکۆی بێکەسیت لەهەمان کاتیشدا تۆ گۆرانیبێژێکی گەنج و ناسراوی و خێزانەکەت کچی ئەم شاعیرەیە، چ جیاوزاییەك ئەبینیێ و هەست بە چ تایبەتمەندییەك دەکات؟**

-من ئەوەی کە بینیومە زۆر لای خۆشە کە باوکی لەو شوێنە بێت، منیش وەکو کەسێکی گۆرانیبێژ لە بواری هونەریدا کار ئەکەم، من هەست بەوە ئەکەم خێزانەکەم هەستێکی زۆر خۆشی هەیە، بەڵام هەستەکانی ئەو تۆزێ جیاوازن. لەبەرئەوەی هەر خۆیشی لەهەندەران گەورە بووە، تۆزێك لەوانەیە بۆچوونەکانی جۆرێکی تر بن.

*** جاری وا ڕێکەوتووە کە داوای شیعر لە مامۆستا شێرکۆ بیکەیت؟**

- بەڵێ تازە داوامکردووە کەشیعرێکم بداتی بەئاسانی بۆ گۆرانی بشێت، زۆر لە شیعرەکانی کراوە بە گۆرانی، بەڵام بەڕاستی ئاسان نین.

*** یەعنی شیعرت بەرادان داوە؟**

- بەپێکەنینەوە .. داومە بەگوێیا کە شتێکی وام پێویستە.

***دوای ژنهێنانت پەیوەندییە کۆمەڵایەکانت تەسك نەبۆتەوە؟**

-بێگۆمان کاریگەری هەیە، بەڵام ئەبێ هەوڵی بۆ بدەی، ئاسان نیە.

***ئەمە کاری لە هونەرەکەت نەکردووە؟**

-تۆزێك کاریگەری هەیە و دیبێ، بەڵام من هەر هەوڵمداوە، بەرامبەرەکە لەهەموو شتێ گرنگترە، بە حکومی ئەوەی باوکی خۆی لەو کایەیەدا ئیشی کردووە، ئەو مەوزوعە ناخۆشە نیە و پێش منیش هەمان حاڵەتی هەبووە.

***منداڵتان هەیە؟**

-کوڕێکم هەیە بەناوی (ئاران).